# (قیام اللیل) شەونوێژ نییە
# کات کاریگەرە لۆ بنیاتنانەوەی ئیمان

لەوانەکانی چۆنییەتی زیندووکردنەوەی ئیمان لە ناخی مرۆڤ، تەواوکاری بڕگەی ئیمان (بالیوم الآخر) باس دەکەین، لە گەڵ ئەو کێشانەی کە لە دڵی جەمعی (الذین أمنوا معه) لە ماوەی یەکەم دروست ببوو، چونکە ئێستاش ئێستاش ئەوە دەیەوێت دروست ببێت لە دڵی ئەو گەنجانەی کە بە دواداچوون لۆ ئەم بابەتەی دەکەن، ئەو کێشانە کە ئەوکاتەی دروست بووە بە پشتیوانی خودای ڕەحمان بە هاویەککردنی حاڵیان لە گەڵ بارودۆخی ئێستای گەنجان، إن شاء الله چۆن لۆ ئەوانی لاداوە، بە پشتیوانی خودای ڕەحمان باسی هۆکاری لادانی ئەو کێشانە دەکەین.



**كاتێك مؤمن لە گەڵ خودای ڕەحمان دادەنیشێت، هەست بە بینینی دەكات.**

**یەكێك لە شێوەكانی (قیام اللیل) بیركردنەوەی قوڵە، كە لە شەونوێژ جیای دەكاتەوە.**

## مرۆڤ و جن لە هەڵبژاردندا ئازادن

وەکو جاران پێشەکییەکی سادە لۆ بابەتەکە دەخەینە ڕوو، کە لەسەر چەند بنچینەیەك ڕێککەوتوبووین، لەمانە خودای ڕەحمان هەر لە بنەڕەتدا مرۆڤی بە ئیمانەوە دروست کردووە، یەکەم نموونەمان ئەوەتا حەزرەتی ئادەم(علیه السلام و البرکات) بە ئیماندار دروست کراوە، لۆیە لە هەموو وانەکان جەختمان لەسەر لایەنی فیطرەی بەشەریی کردووە، کە یەکەم نموونە خودای ڕەحمان خەلقی کردبێت ئادەم ئیماندار بووە، هەر لە بنەڕەتدا دڵی ئادەم(علیه السلام و البرکات) ئامێر یاخود زەمینەی ئیمان دروستکردنی تێدا هەبووە، کە ناومان نا بە فیطرە، سەلماندمان هەموو دروستکراوێك فیطرەی تایبەتی خۆی هەیە، وشەی هێنانە ژێربار (تسخیر) لە قورئان دا لۆ ڕستەیەك بەکارهێنراوە ئەویش فیطرەیە، مرۆڤ و جننیش هەر لە بنەڕەتدا بە فیطرە ئیش دەکەن، ئەم فیطرەشمان بە ناخی مرۆڤ دانا، کە وەکو دروستکراوی ترە لە ئاژەڵ و ڕووەك وەك ڤایرۆس و کلامیدۆمۆناس چاکەو خراپەی خۆی لێك جیا بکاتەوە، بەڵام ئەوان لەسەر ئەم حاڵەتەیان ژێربارکراون، ئێمەی مرۆڤ لەگەڵ جن هەڵبژاردەمان دراوەتێ، لۆیە توانای ئەوەمان هەیە ببینە ئیماندار، توانای ئەوەشمان هەیە بە دەستی خۆمان و بە ویستی خۆمان ببینە کافر، باسی ئەوەشمان کرد کەوا لە نێوان ئاژەڵانیش فیطرە هەیە، باسی پشیلە و ڤایرۆسات و کلامیدۆمۆناس و... تد-مان کرد.

گوتمان لۆ هەر شتێك بنچینە و ڕێسایەك هەبێت ئینجا ئەم شتە دێتە ئاراوە، هەروەها بە شێوەیەکی جوگرافییانە لۆ دروستکردنی ئیمان ناوەوەی سنگی مرۆڤ ناوچەی جوگرافی ئیمان دروستکردنە، فیطرەش لەوێ هەیە، ئامرازەکانی گێڕانەوەی فوئادیش فیطرە کە قوناغی یەکەمە لۆ ئیمان، هەروەها (السمع و البصر)ە، ئەم دووانەش ئامرازی یەکەمن کە پەیوەندی ستوونی لە نێوان مرۆڤ و خودای ڕەحمان دروست دەکەن، مرۆڤەکەش بە گوێرەی ویستی خۆی ئیش بەم سەمع و بەصەرە دەکات، لە بەشەکانی ڕابردوودا ئەمانە هەمووی بە درێژی باس کراون.

## دروستکردنی ئیمان کاتی پێویستە

ئەو خاڵەی ئێستا جەختی لێدەکەینەوە بریتییە لە: کات، ئایا کات و ڕۆژگار چەندە کاریگەریی لەسەر چۆنییەتی دروستکردنی ئیمان لە دڵی مرۆڤ دا هەیە؟ وەك دەزانن خودای ڕەحمان ئەگەر لە قورئاندا هەر لە سورەتی (البقرة)ەوە تا سورەتی (الناس) باسی دروستکردنی زەوی و ئاسمان و مانگ و گەردوون و بوونەوەری کردبێت، ئەوا باسی ڕۆژ (یوم)یشی کردووە، لە زۆربەی جێیەکان باسی شەش ڕۆژی کردووە، لە جێگەیەك باسی چوار ڕۆژ دەکات، دوو ڕۆژی ئاسمانیشی بخەینە سەر دەبێتە شەش ڕۆژ، لەبەر ئەوەیە ڕۆژگار و کات بەشێك بووە لۆ چۆنییەتی دروستکردنی گەردوون لەلایەن خودای ڕەحمان هەروەها کات بەشێکە لە چۆنیەتی دروستکردنی مەخلوقاتەکانی خودای ڕەحمان و باسی زەوی دەکات و دەفەرموویێت: بە ئەوەندە

ڕۆژەی دروستکراوە، هەروەها باسی ئاسمان دەکات و دەفەرموویت: بە ئەوەندە ڕۆژەی دروستکراوە، کەواتە" ماددە سەرەتاییەکەی هەبووە، بەڵام خاڵی سەرەکی کە خودای ڕەحمان ئاماژەی لۆ کردبێت لە دوای ماددەی سەرەتایی بریتییە لە چەند خاڵێك:

خاڵی یەکەم: کات، ئەمەی کردۆتە مافێك لەسەر خۆی.

ئەگەر بێینە سەر دروستکراوەکان (مەخلوقات)، ئەوانیش لە هەموو ئیشەکانی بە هەمان ئاست و قەبارە کاتی لێ داواکراوە، هەموو مەخلوقات ئەگەر لەسەر گۆی زەوی بێت یان جگە لە گۆی زەوی، ئەوا کاتێکی نەوعیی هەیە. بێینە سەر گۆی زەوی بەهۆی سوڕانەوەی گۆی زەوی بە دەوری خۆی و خولانەوەی بەدەوری خۆر شەوو ڕۆژ دروست دەبێت، وەرزەکانیش دروست دەبن: زستان و بەهار و هاوین و پاییز، ئەم کاتە کاریگەریی لەسەر ژیانی مرۆڤدا هەیە.

لۆیە خودای ڕەحمان ئەو کاتەی بە بەشێك وەرگرتووە، کە لە کاتی دروستکردنی ئیمان دەبێت بەهەند وەربگیرێت و (إعتبار)ی لۆ دابنرێت، ئەگەر خۆی لەسەر خۆی کاتی کردبێتە بەشێك وەك ماف (حەق) نەك باطڵ، مەخلوقاتیش کاتی بەسەر تێدەپەڕێ و لەسەر زەویش شەو و ڕۆژ هەیە، سروشت و هەموو دروستکراوەکانیش بە گوێرەی مەخلوقاتە زیندووەکان کات بەشێکە لۆ دروست بوونیان، پاشان گەشە و نەشونماکردنیان هێدی هێدی لۆ ئەو ئاستەی کە خودای ڕەحمان دەیەوێت ئەوا کات بەشێکە تێیاندا، دیارە ئیمانیش کاتی دەوێت تا دروست دەبێت.

## خودای ڕەحمان (قیام اللیل)و شەونوێژی لێك جیا کردۆتەوە

دەزانن هەر مرۆڤێك لە سکی دایکی بە نۆ مانگ پێکهاتن و گەشەی ڕوودەدات، ئەمەش بێگومان کاتە، بە نۆ مانگ ئەم کۆرپەلەیە دەگاتە ئەو ئاستەی بە کردەیی لە سکی دایکییەوە بتوانێت بێتە دەرەوەو ڕووبەڕووی ژیان ببێتەوە. وەك زانراوە ئەوەی لەم نۆ مانگەی کەمتر بێت توانای ژیانی کەم دەبێت، دەرفەتی مانەوەی کەم دەبێت، بە هەمان شێوە لە نۆ مانگ زیاتر بێت دەرفەتی مانەوەی لە ژیان کەم دەبێت، خودای ڕەحمان ئەم نۆ مانگەی داناوە دیارە ویستێکی تایبەتیی خۆی هەیە.

مەبەستمان لێرە ژمارەکە نییە، بەڵکو کاتەکەیە، هەموو مەخلوقاتێکی زیندوو کە گەشە دەکات هەر لە خاڵی سفرییەوە تاکو دەگاتە چڵەپۆپە پێویستی بە کات هەیە، لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا فیطرە لە ناخی مرۆڤدا هەیە، بەڵام ئەو فیطرەیە بە هۆی شەیطانی (انس و جن)ی کوفر دەگۆڕێ، ژینگەکە لە ئاراستەی ئیمانی لۆ ئاراستەی غەیری ئیمانی دەگۆڕێ. بەڵام کە ئینسان دیسان کۆششی کرد ئەو فیطرەیە دێنێتەوە سەر سکەی ئیمانیی کە ئەوەش پێویستی بە کات هەیە.

یەکەم سوڕەت کە خودای ڕەحمان دایبەزاندە سەر پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) ئیمانی پێ هێنا، هۆی سوڕەتی (العلق) بووەو بەوە بۆتە ئیماندار، لەبەر ئەوەیە خودای ڕەحمان لە دووەمین سوڕەت باسی کات (الزمن)ی لۆ دەکات (يَا أَيُّهَا الْمُزَّمِّلُ * قُمِ اللَّيْلَ إِلَّا قَلِيلاً)(المزمل۱-۲) باسی شەو دەکات، باسی هەڵسانەوە (قیام) دەکا، (قُمِ اللَّيْلَ إِلَّا قَلِيلاً) واتە" هەموو شەو هەستە تەنیا کەمێکی نەبێت.

بێگومان پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) کە شەو هەڵدەستێت کاتی دەڕوات، لەم کاتە کۆشش لەگەڵ خۆی دەکات، کەواتە" کۆششکردن و کاتەکە حاڵەتی ئیمان دروست دەکات، نەك کۆششکردن بەتەنیا، بەڵکو کۆشش و کاتەکە بەیەکەوە حاڵەتی ئیمان دروست دەکەن. خودای ڕەحمان (أعلم و أحکم)ە کەوا ئەم پەیامبەرە خاوێن و بێگەردە خاوەنی فیطرە پاکە کە خودای ڕەحمان وەکو ئیبراهیم پێغەمبەرو (آل عمران) (أصطفاء)ی کردبێت، دەبێ دڵێکی چەندە پاکی هەبێت؟ کەواتە" زەمینەو فیطرەی تێدایە، بەڵام ئەو جۆرە ئیمانە کە خودای ڕەحمان دەیەوێت لە ناوەوەی دڵی ئەم (رسول الله)یە دروست ببێت، ئەوا دەبێ کۆششی لۆ بکرێت، ئەو فیطرەیە بگۆڕێت لۆ جۆری ئەو ئیمانەی کە خودای ڕەحمان دەیەوێت.

کە تواناو کۆشش سەرف دەکات دەبێ بە کاتێکی دیاریکراو سەرفی بکات، لەبەر ئەوەیە بەیەکەوە کات و کۆشش جیهادەکە لێ بەرهەم دەهێنرێت، پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) لەگەڵ ناوەوەی خۆی بە کات و کۆشش(جهد) هەوڵ دەدات، ئینجا ئەم جۆرە ئیمانە و ئەو بڕە ئیمانەی لێ دروست دەبێت، ئەمە خاڵێکی گرنگە، لۆیە قیرائە لە دوای کۆشش (جهد) کاتی خۆی هەیە، (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ)(العلق۱) بە هەڵسانەوەی شەوان (قُمِ اللَّيْلَ إِلَّا قَلِيلاً)(المزمل۲) دەکرێ.

گوتمان خودای ڕەحمان (قیام اللیل)ی لەگەڵ شەونوێژ جیا کردۆتەوە. پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) ئەو کاتە شەونوێژی لەسەر پێویست کرا کە فەرمانی لۆ هات (وَمِنَ اللَّيْلِ فَتَهَجَّدْ بِهِ نَافِلَةً لَّكَ عَسَى أَن يَبْعَثَكَ رَبُّكَ مَقَاماً مَّحْمُوداً)(الإسراء۷۹)، بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە کاتەکانی تری پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) لەو سەردەم و ماوەیەی سەرەتاو یەکەمدا کە لە سێ ساڵی یەکەمی ماوەی نبوەت (قیام اللیل)ی دەکرد، قورئانێکی دیاریکراوی لۆ دابەزیبوو، سوڕەتەکانی (البقرة و الأنعام و النساء و آل عمران) و.. تد لۆ دانەبەزیبوو، کەواتە" (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ)(العلق۱) لۆ شەو دەیگوازێتەوە، ئەو قیرائەیە لە وانەکانی هەشت و نۆدا باسکراوە.

## نموونەیەکی زیندوو

ئەمە شێواز وکاریگەریی کاتە لەسەر چۆنییەتی دروستکردنی ئیمان لە ناخی مرۆڤدا، وەك دەزانن نموونەی لەم جۆرە لە ژیانماندا زۆرە، هەر لە ژیانی ئاسایی خۆمان، وەك لە پرۆگرامی خوێندن، وەزارەتی پەروەردە شەش ساڵی لۆ بڕینی قۆناغی سەرەتایی داناوە، ئەمە سیستەمی فێرکردنی جیهانییە، ڕێکخراوی یونیسێفی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان دانی بەوەدا ناوە، لۆ؟

دیارە لە ڕێگەی تاقیکردنەوە شارەزاو پسپۆڕانی پەروەردەیی لۆیان ئاشکرا بووە، کە قۆناغی یەکەمی تەمەنی شەش ساڵی مرۆڤ ناتوانێت فێرە زانستەکانی پۆلی یەکەمی ناوەندی بێت، بەڵکو پێویستی بەوە هەیە ماوەیەك بە کردەیی ڕاهێنانی لەسەر بکرێت، مێشکی ئەم مرۆڤە منداڵە بکرێتەوە و ئینجا بتوانێت لەسەر زانستی پۆلە سەرەتاییەکانی زانستی پۆلی یەکەمی ناوەندی بنیات بنرێت، دواتریش کیمیا و فیزیای لە مێشکدا دابنرێت، ئەگەر ویستی لە کیمیا و فیزیا ببێتە تایبەتمەند، ئەوا پشت بەم کات و کۆششەی ببەسترێ کە لە قۆناغی سەرەتایی لەسەری سەرف کراوە.

خاڵێکی دیکەی سەرەکی، لە وانەی پێشوودا لە خزمەتتان باسی (الیوم الآخرة)مان کرد، گوتمان خودای ڕەحمان ویستی لە خودی رسول الله(علیه السلام و البرکات) (وَالَّذِينَ آمَنُواْ مَعَهُ)(التوبة٨٨) بەڕێگەی قیرائە ئیمان دروست بکات، قیرائەکە لۆ مەخلوقات بوو (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ)(العلق١)، پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) قیرائەی کرد ئەم مەخلوقاتانە هەموو بەم جۆرەو بەم شێوازە و بەم ئەرکەیان هاتوون. بەڵام ئایا هەر ئەوە ئیشی ئەم مەخلوقاتانەیە؟ یاخود شتی تری بەدوا دادێت؟ بەڵێ خودای ڕەحمان بەم حاڵەتە جۆرییە گۆڕانکاریی لەسەر مەخلوقات دروست دەکات، کە قۆناغی کۆتایی مەخلوقاتە، ئەویش وا دەکات پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) قیرائەی بکات، تا بەکردەیی لەدوای ئیمان هێنان بە خودای ڕەحمان کە (رب)ە و خالیقە، لەهەمان کاتیش ئەم خودای ڕەحمانە توانای ئەوەی هەیە کە ڕۆژێك بەسەر ئەم مەخلوقاتانە دابێنێت کە هەمووی لەناوببات (فناء)یان بکات، هەموویان لاببات و بگۆڕێت.

کاتێك کە پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) قیرائەی خۆری دەکرد. خۆر ئەم هەموو وزەیەی هەیە، ئەم هەموو توانایەی هەیە، (٩٣) ملیۆن میل لە ئێمە دوورە، ئینجا هاوینان وای لێ دێت پلەی گەرما دەگاتە (٥٥) پلە سیلۆزی لە هەندێ شوێنی سەر گۆی زەوی کە مرۆڤ ناتوانێت تیایدا بژیێت، ئایا ئەمە هەر بەم جۆرە دەمێنێتەوە یاخود کاتژمێری کۆتایی هەیە؟ خودای ڕەحمان ڕایدەگەیەنێت کەوا کاتژمێری کۆتایی هەیە، لە سوڕەتی حەوتەمی ڕێزبەندیی دابەزین لە باسی (إِذَا الشَّمْسُ كُوِّرَتْ * وَإِذَا النُّجُومُ انكَدَرَتْ * وَإِذَا الْجِبَالُ سُيِّرَتْ)(التكویر١،٢،٣) لە سوڕەتی شەشەم باسی جوڵەی چیاکان دەکات، لێرە باسی ڕەواندنی چیاکان دەکات.

## لە خۆردا چی نووسراوە؟

مەبەستمان لەمە هەروەك لە وانەی پێشوتر باسمان کرد، کەوا خودای ڕەحمان لە ڕیزبەندی دابەزینەوە (ترتیب نزول)، وەك چۆن قوتابی ئەگەر پۆلی یەکەمی نەبڕیبێت بە سەرکەوتووی هەژمار ناکەن تا بچێتە پۆلی دووەم، لە پۆلی دووەمیش سەرنەکەوێت ناچێتە پۆلی سێیەم،(بەبێ وێکچواندن) (ولله مثل الأعلی) بە هەمان شێواز خودای ڕەحمان لەم قورئانە بە هەمان ئاست چەمکەکان لۆ خودی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) دەخاتە ڕوو.

کە باسی زەوی دەکات ڕۆژی دوایی (اليوم الآخرة)، یەکەم جار باسی هەژاندنەوە (رجة)ی زەوی دەکات کە چیا لە سەریەتی ئەویش جوولانەوەی لۆ دروست دەبێت، لە دوای ئەم جوولەیەی ئینجا هێدی هێدی ئەو چیایە دەست دەکات بە ڕۆیشتن، خاڵ بەخاڵ چەمکەکان لە مێشکی پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) دروست دەکات.

پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) بە هەمان ئەم چەمکانە دەبێ شەوان دانیشێت و بە قیرائە ئیمانی پێ بهێنێت، لەناو ناخی خۆی دروستی بکات، بە کردەیی چیاکانی هیمالایا و سەفین بهێنێتە پێش چاوی خۆی، (وَإِذَا الْجِبَالُ سُيِّرَتْ)(التكوير٣) ئەگەر چیای سەفین جوولەی کرد، ئەگەر چیای هیمالایا جووڵەی کرد، هەمووی وەکو سنگ (وتد)ن، وەکو ستوونن، لەسەر ئەم گۆی زەوییە، لۆئەوەی هاوسەنگی ئەم گۆی زەوییە تێك نەچێت. ئەگەر ئەم ستوونانە هەژان و جووڵەیان کرد دەبێ حاڵی زەوی چی بەسەر بێت؟ بێگومان ئەوەی خودای ڕەحمان لە سوڕەتی(التكوير) لۆ خودی پێغەمبەر(عليه السلام و البركات)ی دەگوازێتەوە هەمووی ڕاستەقینەن نەك بۆچوون.

بێنینە بەرچاومان (تصور) کە مەریخ دەبێ چۆن بێت؟ ئایا ئاستی ڕاستیی لەم بۆچوونەمان چەندێکە؟ ڕاددەی بیرکردنەوەی زانستییانە لەم بۆچوونە چۆنە؟ لەسەر گریمانەکەمان دەمێنینەوە ئایا ئەوەندەی ڕاستە ئەوەندەی هەڵەیە؟ بەڵام ئەوەی خودای ڕەحمان لەم قورئانە لۆ خودی پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) لە ناخی بینای دەکات ڕاستەقینەن، هەمووی ڕاستەقینەی ڕەهان، کە باسی چیا دەکات (وَإِذَا الْجِبَالُ سُيِّرَتْ)(التكوير٣) بە ڕاستی (وَإِذَا الْجِبَالُ سُيِّرَتْ)(التكوير٣) چیاکان دەهاژوورێن، ئەمە زانیارییە لە مێشکی پێغەمبەر(عليه السلام و البركات).

(إِذَا الشَّمْسُ كُوِّرَتْ)(التكوير١) تەکویر وەکو عەمامە بەستنە، واتە" خۆر لە (قيام الساعة) وەکو عەمامە درێژ دەکرێتەوە، درێژدەکرێتەوە، تەکویر دەکرێت و لە دەوری خۆیەوە دەسوڕێتەوە، دەبێ چ توانایەك بێت ئاوای لێبکات؟ ئەو هەموو ئەستێرانە دەڕژێن ولە ڕێڕەو لادەدەن و (إنكدار) دەبن، هەمووی دەتەقنەوە، کە خۆر ئاوای لێدێت، قۆناغی یەکەم خۆر وای لێدێت، ئینجا ئەستێرەکان وایان لێدێت.

پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) چۆن قیرائەی خۆر و هەروەها چۆن قیرائەی مانگ دەکات، یان چۆن قیرائەی جەستەی خۆی دەکات، ئەوهاش ئەو حاڵەتە لە ناوەوەی خۆی قیرائە دەکات، تاکو بە کردەیی ئەو بۆچوونەی کە قورئان لۆی دروست دەکات و پێی دەبەخشێت لە مێشکیدا ببێتە ڕاستەقینە، کاتێکیش بووە ڕاستەقینە، هەموو کاتێك لە گەڵیدا دەژیێت، هەرکاتێك کە سەیری خۆر دەکات یەکسەر دەبینێت (ئەوهای دێتە پێش چاو) لەسەر خۆر نووسراوە دروستکراوی خودای ڕەحمان (صنع الله، خلق الله) هەموو جارێکیش ئەمە دەبینێت.

جگە لەمەش ئایا ئەم خۆرە هەر بەم شێوەیە دەمێنێتەوە؟ نەخێر لە پێش چاویشی ئەم خۆرە دەگۆڕێت و جووڵە دەکات، ئەستێرە بەم جۆرە دەجووڵێتەوە، چیا بەم شێوە دەجولێتەوە، کاتێکیش بە (قيام الليل) ئەنجامی داوە ئەم حاڵەتە لە ناوەوەی دروست بووە، ئەوکاتە خۆی دەداتە دەست،

(مستسلم) دەبێت، ئەنجامی ئەمەش ئیمان هێنانە، ژیان تێیدا، ژیان لەگەڵیدا، هەموو کاتێك هەست بکرێت (قیام الساعة)یە، هەموو کاتێك دەکرێت تووشی (قیام الساعة) بێت و (ساعة) نزیك بۆتەوە، نیشانەکانی ساعەش بەم شتانە دەست پێ دەکات، ئەوکاتە هەموو ساتێك پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) لە (قیام الساعة) و لە ڕۆژی دوایی و (الآخرة) دەژییێت، لۆیە پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) و ئەم نمونانەی ئەو دروستی کردن گوناهیان بە خەیاڵ دا نەدەهات، چونکە هەموو کاتێك لە ڕۆژی دوایی دا دەژیان.

## ڕەعیلی یەکەم چەند هاوەڵ بوون؟

خودای ڕەحمان هەردەم ئەو شێوازە لە قورئاندا دووبارە دەکاتەوە، لۆیە لە کۆتا سوڕەتدا کە ئیمانی پێغەمبەر دەگاتە ئاستی هەرە بەرزی و کۆتایی، هەم دیسان باسی (الیوم الآخرة)ی تێدایە، دیسان باسی پەروەردگارێتی(ربوبیة) خودای ڕەحمان تێدایە، لۆ؟ هەموو کاتێك بە ڕاستی رسول الله(علیه السلام و البرکات) بەو جۆرە لە بەرز بوون دابێت لەم حاڵەتە ئیمانییەی جگە لەمەش زیاتریش لە نێو ناخیدا بچەسپێت، هەر بەم شێوازە پتەوترین زەمینە لە ناخیدا دروست بکات، ئەوە دوو بنەما (رکن)ی سەرەکیین کە ئیمانە لەناو ناخی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات)، ئەو هۆکارەشە لە خودای ڕەحمان نزیك دەکاتەوە.

ئەم پەروەردگارەی کە ئاوا دروستکەر بێت بەم توانا و بەم مەزنایەتییە، بەم ئەندازەگیرییە، بەم جوانکارییەوە، بەم سیفەتی باڵادەستییە، ئەو خۆرەو ئەم هەموو بوونەوەرە و خۆی و فلان و چاو گوێ و ئاو و ئاسمان و زەوی و ئەم هەموو مەخلوقاتەی دروست کردبێت، لە ڕەهەندە (البعد)ە سروشتییەکەی بەشەرەکە دەربیبێنێت لۆ لایەنە مەخلوقایەتییەکەی ئەم دروستکراوە، هەموو کاتێك خودای ڕەحمان بە بیر و بە مێشکی دابێ، لە ساتی قیرائەی ئەو مەخلوقە ئەوە بەبەردەوامی لە (٢٤) کاتژمێر ببێتە حاڵ تێیدا.

لە هەمان کاتدا بڵێت دروستکاری ئەمانە ڕۆژێك دێت هەموو ئەمانە دەکوژێنێتەوە و لەناو دەبات، هەمووی دەگۆڕێت، (یَوْمَ نَطْوِي السَّمَاء كَطَيِّ السِّجِلِّ لِلْكُتُبِ)(الأنبیاء١٠٤) ئەم ئاسمانەی هەمووی دەگۆڕێت، ئەم زەوییەی دەگۆڕێت، ئەم مانگەی دەگۆڕێت، باشە ئەی تۆ ئەی مرۆڤ؟ تۆ چیت لێ دێت؟ تۆش کە مردی هەڵدەستیتەوە؟ باشە ئەی لۆ چ هەڵدەستیتەوە؟ لۆ حیساب و کیتاب، ئەوەیە لە مێشکی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) دەچەسپێت، کاتێکیش کە ئەمە چەسپا، مادام وایە کە حیساب و کیتابم لەگەڵ دەکرێت، لاپەڕەم هەیە، کامێرای ڤیدیۆی خودای ڕەحمان بەردەوام و هەموو کاتێك و شەو و ڕۆژ ئیش دەکات، پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) دەچێتە ژێر پێخەفەکەیەوە کەچی فیلمەکە هەر لەسەری ئیش دەکات، بلاجکتۆر و ڤیدیۆی لەسەر هەیە، گرتەکان هەمووی وەردەگیرێت. مادام وایە دەبێ هەست و بۆچوونی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) لەگەڵ (وَالَّذِينَ آمَنُواْ مَعَهُ)(التوبة٨٨) هەموو ساتێك وەك ئەوە وایە لە (قیام الساعة)ە دایە.

لۆیە هەموو کاتێك لێپرسینەوە لەگەڵ خۆی دەکات، نەك لۆئەوەی گوناهێکی کردبێت، نەخێر، بەڵکو نەکا لە ئاست فەرمایشتێکی خودای ڕەحمان کەموکوڕییەك (تقصیر)ەکی کرد بێت، چونکە ئەوان دەستیان لە قەدەغەلێکراوەکان (منهیات) هەڵگرتبوو، ئەوان قۆناغی قەدەغە لێکراوەکانیان بڕیبوو، لە بازنەی (حب الله) و (رضوان الله) بە پلەی بەرزترەوە دەژیان، لۆیە سەیرێکی ڕەعیلی یەکەم بکە (٧٠) کەسەکەی کە پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) لە مەککە بە قورئان دروستی کردبوون، وەك ئەوە وابوون کەوا گوناهیان نەکردووە، خودای ڕەحمان ئەم حاڵەتەمان پێ ببەخشێت.

لێرەدا دەڵێین ئەو هەستە جۆرییەی دەبێت بەهۆی قیرائەوە لە ناخی مرۆڤدا دروست بێت، ببێتە ڕاستەقینەیەك وەك چۆن ئێمە لێرە لەم کات و سەردەمەدا دانیشتووین کە ڕاستەقینەیەکە، بەهەمان شێوە ئەو کابرا ئیمانداره ئەو گەنجە ئیمانداره دیسان ئەوەی لێ ڕابهێنێت بەم شێوەیە ڕاهێنان بکات لەسەر (الإیمان بالله و الیوم الآخر) وەك ئەوەی ڕاستەقینەیە، هەروەك ئەو ڕاستەقینەیەی کە لێرەیە، هەڵبەتە ئەمەش کۆششی دەوێ و کاتیشی دەوێت.

## لادان لە ڕێڕەوی ڕاستەقینەی ئیمان کێشە دروست دەکات

هەر لۆ پێکهێنانی دۆخی (الإیمان بالله والیوم الآخر) خودای ڕەحمان زۆر بە علم، بە ئەندازگیرییەکی دانایانە ئەم بابەتە لە هەر کاتێکدا دەخاتە ڕوو، ئەوا لە گوێی دەستەی (جەمعی) (الذین آمنو مع رسول الله والذین یؤمنون الآن) دووبارەو چەند بارە دەکاتەوە، بەڵام هەرجارەو بە گرتەیەك و شێوازێك، لۆیە هەموو قورئان ئەوەندە فەرمان و داواکردنە (تکلیف)ەی تێدا نییە، بە قەد ئەو بڕەی کە باسی ئیمانی تێدایە، یان ئەوەندەی باسی چۆنییەتی دروستکردن و زیندووکردنەوە و پەیوەندییەکی جۆریی رضواني لەگەڵ خودای ڕەحمانی تێدایە.

ئەم قورئانە لەسەرەتاکەیەوە تا کۆتاییەکەی ئەمە مەبەستێتی، لۆیە هەموو قورئان لە سوڕەتی (الفاتحة)ەوە بخوێنەوە یەك وشەی فەرمانی تێدا نییە بڵێ: ئەم شتە بکە (إفعل)، تەنیا ئەگەر وشەی ئیمانی پێش خرابێت، واتە" نەیفەرمووە ئەی موسڵمان کرداری چاك (عمل الصالح) بکە (یا أیها المسلم)، بەڵکو گوتراوە: (یاأیها المؤمن) کرداری چاك (عمل الصالح) بکە، ئەو قوڕئانە هەمووی لە سوڕەتی (البقرة) هەتا (قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ)(الناس١) دەفەرمووێ: (یاأیها الذین آمنوا) (إفعلوا کذا و کذا و کذا)، (یاأیها الذین امنوا) (لاتفعلوا کذا و کذا و کذا) (یا أیها المسلم إفعل کذا)ی تێدا نییە (یا أیها المسلم لاتفعل کذا)ی تێدا نییە.

ئەم قورئانە زۆر کەم وشەی موسڵمانی تێدا هاتووە، دۆخێکی ناجێگیر(قلق)ەو دەبێ مرۆڤ خێرا لە ئاستی بەشەر لۆ قۆناغ و دۆخی موسڵمانێتی بگوازێتەوە، کاتێکیش موسڵمان بوو، خێرا لۆ قۆناغ و دۆخی ئیمانی بگوازرێتەوە، ئەگەرنا لەوانەیە لا بدات، دۆخی کرداری چاك(عمل الصالح) کە لەم قورئانە باسی لێوە کراوە (أمنوا)ی پێشخراوە، لۆیە پێویستە ئەم (أمنوا)یە دروست ببێت،

چۆن دروست دەبێت؟ نابێ بە گوێرەی حەز و ئارەزووی من و ئێوەی بەڕێز دروست بێت، نەخێر، بەڵکو دەبێ بە گوێرەی ویستی خودای ڕەحمان بێت، کە لە قورئان فەرمانی بە خودی (رسول الله)(علیه السلام و البرکات) کردووە و دەبێت بەم جۆرەش بێت کە پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) ئیمانی بەم خودایە و ئیمانی بە ڕۆژی دوایی هێناوە، بەهەمان ڕێگە، ئەگەر خودای ڕەحمان ڕیگەی لەمەی چاکتری هەبووایە و بیزانیایە لەمەی چاکتر هەیە ئەوەی فێری پێغەمبەری دەکرد، شێوازە چاکترەکەی فێری پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) دەکرد، بەڵام دیارە کە خۆی (أعلم و أحکم)ە کە باشترین ڕێگە ئەو شێوازەی (اقرأ بأسم ربك الذي خلق)ە، بەشەویش (قم اليل الا قليلا) و بەم جۆرەی ئیمان دروست دەبێت و ئەوەی دەمێنێتەوە چڵکە، یان ئەوەی دەمێنێتەوە بۆیاغە، لۆیە هەموو جارێك دووبارەو چەندبارەی دەکەمەوە، ئەم نوێژەی ئێمە دەیکەین هەر هەمان نوێژ بووەو ئەبوبەکریش دەیکرد(ڕەزای خوای لێبێت)، بەڵام نوێژی ئێمە و نوێژی ئەو زۆر لەیەکتر دوورە، هەر ئەم چەند کاتژمێرەی ئەبوبەکر تیایدا بەڕۆژوو دەبوو ئێمەش هەمان کاتژمێرە تیایدا بە ڕۆژوو دەبین، جیاوازی ڕۆژووی ئێمە لەگەڵ ڕۆژووی ئەو ئەوەیە کە ئێمە موسڵمانین، ئەویش ئیماندار بوو، چۆن بووە ئیماندار؟ بەم ڕێگەو چۆنیەتییەی کە قورئان پێغەمبەری فێرکرد و پێغەمبەریش لۆ ئەوی گواستەوە.

بەڵام ئێمە یەکسەر کە چاومان کردەوە لە نێو کۆمەڵە پەرتوکێك چاومان هەڵهێنا، لەو لاوەش مزگەوت هەیە کەسێك فێرە قورئانمان بکات، لە سوڕەتی (البقرة)ەوە یان لە سوڕەتی (قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ)(الناس ١)ەوە لەگەڵمان پێدابێ هەتا کۆتایی، بەمەش قورئانمان خەتم کرد، ئیتر هەوڵی ئەوە بدەین کەسانی تریش فێر بکەین، کە نوێژ دەکرێت بە کۆمەڵ نوێژەکەمان بکەین، ڕۆژوو دەگیرێت، ئێمەش ڕۆژوو بگرین، هەندێ چەمکی تر هەیە لە قورئان ئەوانیش فێر ببین، ڕەوتی تر هەیە بمانگرێتە خۆ ببینە فلانە کۆمەڵ و فلان کۆمەڵ!

لۆ زانیاریتان لە ناوەوەمان جارێ (أثم و باطل) هەیە، جا هەر لە هاوەڵ بڕیاردان، هاوەڵ بڕیاردانی پەنهان، هەر لە گوناهی کەبائیر کە خودای ڕەحمان لەم قورئانەدا زۆر تیشکی خستۆتە سەر، جگە لەمەش شتی تر لە ڕووکەشدا لە کەبائیرەکانی ڕووکەشی هەن، باشە ئەی لەبەرچی ئەوان بەم شێوەیە نەبوون؟ هۆکارەکەی ئەوەبوو ئەوان ئیمانیان هێنابوو بەم ڕیگەیەی کە خودای ڕەحمان پێی ڕازییە، لێرەش خودای ڕەحمان ئەوەندە دووبارەی دەکاتەوە، جا ئێوەش پێوەی وەڕس مەبن کە منیش ئەوەندە دووبارەی دەکەمەوە.

دووبارەکە وەکو دەنکە گەنمێکی جوتیارێکە، دەیخاتە ژێر خاك و لە قۆناغی یەکەم ئاو دەدرێت، پێویستی بە ئاو هەیە، ئەگەر ئاو نەدرێت گەشە ناکات، کە ئاو درا لەم ماوەیەدا دۆخێك لەنێو دەنکە گەنمەکە دێتە ئاراوە و قۆناغێك دەبڕێت، نەرم دەبێت و چەکەرە دەکات، هێدی هێدی دەیەوێت بێتە سەر زەوی، ئەگەر بێتوو ئاو نەدرێت ئەوا لە بێ ئاویدا دەخنکێت، هەمان خودای ڕەحمان ئاوی لۆ دێنێتە خوارەوە، هەمان ئاویش بڕێکی تری لێ وەردەگرێت، بەمەش زیاتر گەشە دەکات، قۆناغێکی تر دێتە پێش هەر لە نێو گەنمەکەوە، ئەگەر بێتوو ئاو نەدرێت دیسان لە

تینوویەتی دەخنکێت، لۆیە دەبێ دیسان ئاو بدرێت، کەواتە" ئەم چەند بارە کردنەوەیە دۆخێکی بێزاری و دڵگرانی لەلای دەنکە گەنمەکە دروست ناکات، بە پێچەوانەوە گەنمەکە لۆ ئاوەکەی بە تاسەیە.

دڵی مرۆڤی ئیمانداری ڕاستەقینە و ڕاست بەم شێوەیە لە ئامادەباشی دایە، بەم شێوەیە بە تاسەیە لۆ دووبارەو چەندبارەی سوڕەتەکانی چەمکی پەروەردگارێتی(الربوبیة) و چەمکەکانی (الیوم الآخرة)ی لە ناوەوەی بچەسپێت، ئەمانە بنەمان، لۆیە خودای ڕەحمان(بەبێ وێکچواندن) هەر جارێك كە باسی پەروەردگارێتی (الربوبیة) دەکات، جارێك ئاوا دەیهێنێتە پێش و بە جۆرێك دەیخاتە ڕوو، دواتر بە ڕوویەکی تر دەیخاتە ڕوو، پاشان ئاوای لێدەکات، دواتر ڕوویەکی تری دەخاتە ڕوو، تا بە کردەیی بەبێ وێکچواندن چەمکی پەروەردگارێتی (الربوبیة) ئەگەر دۆخێکی بەرجەستە بێت بە بەرجەستەیی بچێتە نێو دڵی کابرای ئیماندار، بە ڕاستەقینەیی لەگەڵ چەمکی پەروەردگارێتی (الربوبیة) بەبێ موجامەلە بژیێت.

## تەنها لە یەك شوێن (أمنوا) لۆ هاوەڵان نەهاتووە!

ئەگەر خودای ڕەحمان بیەوێ (الیوم الآخرة) پێشکەش بکا، بە هەمان شێواز هەر جارەی ڕوویێکی پێشکەش دەکرد، کەواتە" دۆخەکە دووبارە نییە، دەبێت ئێمەش بە هەمان شێوازی ڕیزبەندی دابەزینی قورئان بەم دۆخە لەگەڵیدا بژیین، لەم سورەتە باز نەدەین هەتا نەزانین بەلایەنی کەم لە ناوەوەمان زەمینە دروست بووە لۆ قۆناغی پاش ئەوە و لۆ قۆناغەکی بەرزتر بڵند نەبین، ئەوە شێوازی دروست بوونی ئیمانە لە ناخی مرۆڤدا، چونکە جەمعی (الذین آمنو مع رسول الله رضي الله عنهم و أرضاهم) دۆخێکیان هەست پێدەکرد، حاڵەتێکی هەراسانکار، حاڵەتێك کە بە کردەیی ئەوەی لێیان داواکراوە قورس و زەحمەتە.

وەك ئەوە ڤاڵایی(تفرغ)ی دەوێت، کابرایەکی وەك صوهەیب دوکاندارە، کاسبە، خێزانێکی لەسەر شانە، ئایا دەبێ کابرا دوکانەکەی خۆی دابخات و بچێت لە ماڵەوە دابنیشێت قیرائە بکات؟ تا شەو هەڵبستێت لۆئەوەی بە ڕۆژ بتوانێت کاسبی بکات، یان کە هەموو شەوەکە هەڵسا ئەوا دەبێ بە ڕۆژ بخەوێت و ئیسراحەت بکات، ئەمەش زەحمەتە ڕۆژێك و دووان و.. تد، مانگێك و دوو مانگ نییە، ئەوکاتە ژیانی ئابووریی شکست دێنێت، هەرچەندە سەرمایەی هەیە پێشتر خۆی لە کابرای کافر کڕیوەتەوە، ئەو کاتە تووشی مایەپووچی(إفلاس) دەبێت و لە مایەی خۆی دەخواتەوە. بە بیر خۆتان بهێننەوە کە صوهەیب لە مەککە کۆچی لۆ مەدینە کرد، پارەکەی لە جێگەیەکی پەنا دانا بوو، کافرەکان بەدوای کەوتن و گرتیان، ئەویش گووتی: ئەگەر پارەکەی خۆمتان بدەمێ وازم لێ دێنن؟ چونکە ئەوانە پێیان گوت تۆ غەریبە بوویت، (صوهەیب ئەورووپی بوو، هاتبوو لەوێ دەژیا، بووە خاوەنی سامان و دەوڵەمەند بوو) لەوێوە هاتووی هەژار بوویت، ئێستا پارەت پەیدا کرد و خۆت و پارەکەت دەچیتە مەدینە، تا پاڵپشتی (محمدی) بکەییت؟ نەخێر ناهێلین، ئەویش کابرایەکی زیرەك بوو،

گووتی: ئەگەر ئەو پارەیەتان بدەمێ وازم لێ دەهێنن؟ وەڵامیان دایەوە: بەڵێ، ئەویش گووتی: بڕۆن پارەکە لە فلانە شوێنە.

پێش ئەوەی صوهەیب بگاتە پێغەمبەر (علیه السلام و البرکات) خودای ڕەحمان ئەم فیلمەی هەمووی بڕی و لە پێش پێغەمبەری (علیه السلام و البرکات) دانا، کاتێك کە صوهەیب لە مەدینە پێشوازیی لێکرا، یەکەمجار پێغەمبەر (علیه السلام و البرکات) پێشوازی لێکرد، بەرلەوەی سڵاوەکەی وەڵام بداتەوە فەرمووی: (ربح البیع یا أبا یحیی) (ربح البیع). دێینە سەر شێوازی بیناکردنی ئیمان، باشە ئەو پارەیەی صوهەیب هەر بیخوات ڕۆژێك تووشی مایەپوچی نابێت؟ دەبێت دەرۆزە بکات، باشە خودای ڕەحمان لێ دەگەڕێت ئەو بەندە خۆشەویستەی ئاوای لێبێت؟ لە وەڵامدا دەڵێین: نەخێر چۆن لێی ناگەڕێت شێت ببێت، ئاواش لێناگەڕێت مایەپووچ (إفلاس) بێت.

## خودای ڕەحمان چی بە خۆشەویستەکەی دەڵێ؟

ئەی باشە داواکراو لەو بارو دۆخە ناخۆشە، ئەگەر شەو هەمووشی هەڵنەستێت بەشێکی لە سێ بەشەکە دەبێت هەڵسێتەوە، تاکو بەخۆیەوە خەریك بێت، بە پێغەمبەر (علیه السلام و البرکات) گوتراوە: (قُمِ اللَّيْلَ إِلَّا قَلِيلاً)(المزمل٢) هەموو شەو هەڵسە تەنیا بەشێکی کەم (قلیل)ی نەبێت، ئەوەتا لە کۆتایی سوڕەتی (المزمل) (إِنَّ رَبَّكَ يَعْلَمُ) مەسەلەکە لۆ پێغەمبەر ئاڕاستە کراوە (إِنَّ رَبَّكَ يَعْلَمُ أَنَّكَ)(المزمّل٢٠) یا محمد (تَقُومُ أَدْنَى مِن ثُلُثَيِ اللَّيْلِ)(المزمّل٢٠) دوو لە سێ بەشەکەی (وَثُلُثَهُ وَطَائِفَةٌ مِّنَ الَّذِينَ مَعَكَ)(المزمّل٢٠) واتە" نەك تەنیا تۆ هەڵدەستای یا محمد دەستەیەکیش (طائفة) وەکو تۆ هەڵدەستان.

تەنیا لێرە لە قورئان وشەی (آمنوا) بەکارنەهێنراوە، ئەگەرنا لەهەموو شوێنەکان ناوی هاوەڵان کە هاتبێت (الذین آمنوا معك) لۆ لێرە نەگوتراوە (آمنوا)؟ چونکە ئیمانیان نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە خودای ڕەحمان دانی (إقرار)ی پێدا نابێت، (وَطَائِفَةٌ مِّنَ الَّذِينَ مَعَكَ وَاللَّهُ يُقَدِّرُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ عَلِمَ أَن لَّن تُحْصُوهُ فَتَابَ عَلَيْكُمْ)(المزمّل٢٠) واتە" ئەگەر هەڵنەستابایە گوناهـ بوو، لۆیە فەرمانی تەوبەی لەپاش دانراوە (عَلِمَ أَن لَّن تُحْصُوهُ فَتَابَ عَلَيْكُمْ)(المزمّل٢٠) لێرە دەردەکەوێت ئەگەر هەڵنەستابایە گوناه بوو، ئەمە شێوازی دروستکردنی ئیمان بوو لە دڵیان.

باشە لێرە خودای ڕەحمان لۆ ئەم کۆششە زۆرە چی لۆ کردن؟ لە وەڵامدا: هەر لەسەر خودی پێغەمبەر (علیه السلام و البرکات) لە سوڕەتی (الأعلی) کە نۆیەم سوڕەتە لە ڕیزبەندی دابەزین هەر شێوازی قیرائە لۆ پێغەمبەر (علیه السلام و البرکات) کورت دەکاتەوە وەك چۆن کورتەی هەواڵەکان هەیە، الله دیسان قیرائەی لۆ کورت دەکاتەوە و دەفەرمووێ: (سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى)(الأعلی١)، ئەوەتا لە سوڕەتی (المزمل) (قُمِ اللَّيْلَ إِلَّا قَلِيلاً)(المزمل٢) پاشان بەرۆژ چ بکات؟ (إِنَّ لَكَ فِي النَّهَارِ سَبْحاً طَوِيلاً)(المزّمّل٧) ئەوانەمان باس کرد.

لێرەش تەسبیحەکەی لۆ چەندبارە دەکاتەوە، بە چ؟ (سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى)(الأعلى١) هەمووی (رب)ە، لۆئەوەی لە ناوەوەی بچەسپێت، ئیشی چییە؟ (الَّذِي خَلَقَ فَسَوَّى)(الأعلى٢)، (خَلَقَ فَسَوَّى) دوو ئیش بەیەك واو (وَالَّذِي قَدَّرَ فَهَدَى)(الأعلى٣)، ئەوە ڕیساکەیەتی، ئەوە ڕیسای خودای ڕەحمانە لەسەر هەموو دروستکراوەکانی، (یخلق، فیسوي)، (یقدر، فیهدي)، ئەها (الخالق، الباریٔ، المصور) ئەوە زنجیرەی مەخلوقاتە.

واتە" پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) کە قیرائەش دەکات دەبێ بزانێت بنەماو پرەنسیپی دروستکردنی مەخلوقات چۆنە، چۆن هاتووە؟ پرەنسیپی یاسای خەلقیش دەبێ بزانێت، لۆئەوەی بە زانستیانە و بابەتییانە و ئەکادیمییانە وەکو تاقیگەیەك بەشەو قیرائە بکات، ئینجا بە ڕۆژەکەش تەسبیح بکات (سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى* الَّذِي خَلَقَ فَسَوَّى)(الأعلى١،٢) (قَدَّرَ فَهَدَى)(الأعلى٣).

بیگومان ئەمە ڕاڤەکارییەکی زۆری پێویستە، بە پشتیوانی خودای ڕەحمان ئەگەر هاوکارمان بێت بگەڕێینەوە سەر تەفسیرەکان، بە تایبەتی (تفسیر الکشاف).

## زانست لە بیر دەکرێت

قورئان نموونەی لۆ دێنێتەوە، ئەمەش بنەما بوو، ئەوە ڕێسای دروستکردنی خودایە لۆ دروستکراوەکانی. ئەم ڕیسایە لەسەر هەموو مەخلوقاتەکان دەڕوات، پاشان نموونەی لۆ دێنێتەوە، لۆ نموونە" (وَالَّذِي أَخْرَجَ الْمَرْعَى * فَجَعَلَهُ غُثَاء أَحْوَى)(الأعلى٤،٥)، ئەمە نموونەیە لەسەر ئەو، سەیری (مرعی) بکە، نزیکترین جوولەی ژیانە، خەلقە و لە پێش چاوت، پێداچوونەوەی چاوی لۆ بکە، توێژینەوەی لەسەر بکە، قیرائەی بکە، (أَخْرَجَ الْمَرْعَى * فَجَعَلَهُ غُثَاء أَحْوَى)(الأعلى٤،٥) بابەت تەواو؟ (سَنُقْرِؤُكَ فَلَا تَنسَى)(الأعلى٦) (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ)(العلق١) لێرەش (سَنُقْرِؤُكَ فَلَا تَنسَى)(الأعلى٦)، لەم قیرائەیە ئەگەر لەبیرچوون (نسیان)ێك هەبێ و شەیطانیش بیکا ئێمە لای دەبەین، (سَنُقْرِؤُكَ فَلَا تَنسَى)(الأعلى٦).

قیرائەکە دۆخی (ذکر) دروست دەکات، ئەمە (ذکر)ە واتە" یادخستنەوە، هەموو کاتێك ئەم مرۆڤە ئیماندارە خودای ڕەحمانی لە مێشکە، بەهۆی قیرائەکە لەبیرچوونەوە لادەچێت، لەبیرکردن دۆخێکی مرۆییە (فَنَسِيَ وَلَمْ نَجِدْ لَهُ عَزْماً)(طه١١٥) دەبێ لا ببرێت، بە چی؟ بەهۆی قیرائە، کێ ئەم قیرائەیەی فێری پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) دەکات؟ الله، نالێت (سنعلمك)، بەڵکو دەفەرمووێت: (سنقرئك)، ئایا تێبینیتان کردووە؟ (سَنُقْرِؤُكَ فَلَا تَنسَى)(الأعلى٦) لۆ زانینتان زانست(علم) لەبیرچوونی لۆ دروست دەبێت.

لۆ نموونە" چەند هۆنراوەیەکی لەبەر کردووە، بە بۆچوونی ئێمە ئەو کابرایە فێری ئەم شیعرە بووە، عیلمی لەم شیعرە دروست کرد، بەڵام لۆ زانین ئەمە زانست نییە، قیرائەش نییە، بەڵکو

ئەمە (مدارسة)یە، ئەمە (تلقین)ە، بنەمایەکی زانیاری ماددی تاقیگەیی یان مەعنەویی مرۆیی و بەشەریی کە مرۆڤ فێری دەبێت، ئەوە (تعلم) نییە، مەعریفەیە دروست دەبێت لە مێشکی.

پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) (تعلیم) ناکرێت، بەڵکو (إقرأ) دەکرێ، (سنقرؤك) (لا نلقنك)، ناڵێ (سنعلمك) (سنعرفك) (سنلقنك) (سَنُقْرِؤُكَ فَلَا تَنسَى)(الأعلى٦). حەزرەتی جبریل قیرائەی فێرە پێغەمبەری کرد نەك تەعلیم، نەك تەعریف، نەك تەلقین. ئەوەی مامۆستا ئێستا لە قوتابخانەکان دەیکات و دەیڵێتەوە ئەوە تەلقینە، پەرتووکی کیمیای لە دەستە و دەیخوێنێتەوە و کۆمەڵێك نموونە لە دەرەوە دێنێتەوە و لۆ مێشکی بەرامبەرەکەی دەیگوازێتەوە، ئەوە تەلقینە و بە زمانی قورئان تەعلیم نییە، ئێمە باسی قورئان دەکەین، کابراش کە تەلقینەکەی وەردەگرێت زانیاری لە مێشکی زیاد دەبێت، تەعلیم لە سینەیە و لۆ الله دەگەڕێتەوە، بەڵام سەری مرۆڤ لۆ مەعریفەیە و هزرە، واتە" تەعلیم لە سینگ دەبێت (الرَّحْمَنُ * عَلَّمَ الْقُرْآنَ *خَلَقَ الْإِنسَانَ *عَلَّمَهُ الْبَيَانَ)(الرحمن١-٤) لێرەش ئەو عیلمە بە قیرائە پێش دەخرێت، (سَنُقْرِؤُكَ فَلَا تَنسَى* إِلَّا مَا شَاء اللَّهُ إِنَّهُ يَعْلَمُ الْجَهْرَ وَمَا يَخْفَى)(الأعلى٦-٧).

هەڵبەت، ئەم دۆخەش زەحمەتە (وَنُيَسِّرُكَ لِلْيُسْرَى)(الأعلى٨)، کەواتە" کێ ئاسانکاریی دەکا؟ خودای ڕەحمان سەیرێکی ناو دڵی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) دەکات و سەیری دڵی ئیماندارانیش دەکات، کە حەز و تاسەیان (شوق)یان هەیە بە خودای ڕەحمان بگەن، لۆ ئەم دۆخەش وشەیەك بەکاردێت ئەویش ویستە (ارادە)، کە خودای ڕەحمان ئەو حاڵەتە دەبینێت تەوفیقاتێکی پێ دەبەخشێت، لێرە وشەی (وَنُيَسِّرُكَ) تەیسیر هاتووە، ئەویش بە مانای دۆخێکی ئاسانت لۆ دروست دەکەین (وَنُيَسِّرُكَ لِلْيُسْرَى)(الأعلى٨)، پاشان (فَذَكِّرْ إِن نَّفَعَتِ الذِّكْرَى)(الأعلى٩).

## قۆناغەکانی بانگەواز

لە وانەکانی سیرە باسی ئەوەمان کردووە کەوا پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) بە سێ قۆناغ بانگەوازی کردووە، لێرە باسی دوو قۆناغی دەکەینەوە، ئەوانیش:

**قۆناغی یەکەم:** (وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ)(الضحى١١)، کامە نیعمەت؟ لە سوڕەتی (القلم) دەفەرموێ: (مَا أَنتَ بِنِعْمَةِ رَبِّكَ بِمَجْنُونٍ)(القلم٢)، لەمەوە دەڵێین قۆناغی یەکەمی نبووەت نەك ڕیسالەت باسکردنە لە نیعمەت (وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ)(الضحى١١) ئەی نیعمەتەکە چییە؟ (مَا أَنتَ بِنِعْمَةِ رَبِّكَ بِمَجْنُونٍ)(القلم٢) ئەوەتا ئێمەش خۆمان لە سوڕەتی (الفاتحة) داوای دەکەین (اهدِنَــــا الصِّرَاطَ المُستَقِيمَ * صِرَاطَ الَّذِينَ أَنعَمتَ عَلَيهِمْ)(الفاتحة٦،٧) قۆناغی یەکەمی نبووەت (وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ) (الضحى١١).

**قۆناغی دووەمی نبووەت:** (فَذَكِّرْ إِن نَّفَعَتِ الذِّكْرَى)(الأعلى٩) لۆ كێ؟ (سَيَذَّكَّرُ مَن يَخْشَى* وَيَتَجَنَّبُهَا الْأَشْقَى* الَّذِي يَصْلَى النَّارَ الْكُبْرَى)(الأعلى١٠-١٢) لە سورەتی چوارو پێنج بە ڕیزبەندی دابەزینی قورئان باسی (الشقي) دەكا، باسی (يَصْلَى النَّارَ)یش دەكات، كە پێشووتر باسمان كردووە.

(ثُمَّ لَا يَمُوتُ فِيهَا وَلَا يَحْيَى* قَدْ أَفْلَحَ مَن تَزَكَّى)(الأعلى١٣-١٤) فیطرە هەیە كە زەمینەی ئیمانە، لە وانەی پێنجەم باسی وشەی (تَزَكَّى)مان كرد، (هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولاً مِّنْهُمْ يتلوا عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ)(الجمعة٢)، قۆناغی یەكەم (يتلوا عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ) كە ئەو تیلاوەی كرد، تیلاوە كرا، ئەبوبەكر دەست بە قیرائە دەكات، ئەوەی پێویستە لەسەر ئەنبیاء و رسل تەنیا تیلاوە كردنە، كە پەیامبەرەكە تیلاوەی كرد، كەسانی بەرامبەر قیرائە دەكەن، ئەوەتا پێغەمبەر ئیبراهیم دەفەرموویت: (رَبَّنَا وَابْعَثْ فِيهِمْ رَسُولاً مِّنْهُمْ يتلوا عَلَيْهِمْ آيَاتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَيُزَكِّيهِمْ)(البقرة١٢٩)، پاشان ئیبراهیم پێغەمبەر لە دوعایەكەی پێش و پاشەك دەكات، ئینجا الله لۆی چاك دەكاتەوە.

لێرەدا ئیشی پەیامبەران (الانبياء) وەكو ئادەم و نوح و ئیبراهیم چۆن ئەم نزایە دەكەن، نزا لە دەرگەی خودای ڕەحمان پێغەمبەرێكی لەم شێوەیە تیلاوەیان لۆ بكات، خودای ڕەحمان هەمان سیفەت دەداتە پێغەمبەری ئێمە، (هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولاً مِّنْهُمْ يتلوا عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ)(الجمعة٢) كە ئەو تیلاوەی كرد، كابرای بەرامبەرەكەی دەست بە قیرائە دەكا، (يتلوا عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ)(الجمعة٢) قیرائەی كرد فوئادی لۆ فیطرەی دەگوازرێتەوە، زەمینەی فیطرە لە ناوەوەی ئیمانەو فیطرە جێگیرە، ئیمانەكە زەمینەكەی فوئاد كە بووە فیطرە پلەی یەكەمی ئیمان دروست بوو، ئەو پلەیەی كە خودای ڕەحمان دانی پێدا دەنێت و ئینجا هێدی هێدی بلند دەبێت.

## هەڵبژاردن بە ئازادییە نەك زۆرداریی

لێرەدا وشەی (تزكية) واتە" گەشەسەندن، ئەمەش بەدرێژی لەوانەی پێنجەم دا هەیە، لێرەش دەفەرموویت: (قَدْ أَفْلَحَ مَن تَزَكَّى)(الأعلى١٤) نەك وشەی زكا بەڵكو (تَزَكَّى) واتە" دەبێت خۆی ویستی لە سەر هەبێ، خۆی ئەنجامی بدات، هەوڵ و كۆششێكی زۆریشی لەسەر بدات (قَدْ أَفْلَحَ مَن تَزَكَّى * وَذَكَرَ اسْمَ رَبِّهِ فَصَلَّى)(الأعلى١٤-١٥) ئەم قۆناغە لۆ پێغەمبەر(عليه السلام و البركات)، مەبەستم هێلێك لە ژێر (وَنُيَسِّرُكَ لِلْيُسْرَى)(الأعلى٨) بكێشن، باشە ئەوە پێغەمبەر بوو، ئەی ئەبوبەكر چی بكات؟

ئەوەی خوێندمانەوە سورەتی نۆیەم بوو لە ڕیزبەندی دابەزین، لۆ پێغەمبەر(عليه السلام و البركات)، لە سورەتی دەیەم لەلایەن الله هاتوتە خوارەوە كاتێك دەفەرموویت: (والليل إذا يغشى، والنهار إذا تجلى، وما خلق الذكر والأنثى) لێرەش بە هەمان شێوە (كات) بەڕوونی دیارە، ئینجا هەموو (ذكر) و (الانثى) ئەم حاڵەتەیان لێ داواكراوە، هەموو (ذكر) و (الانثى) بەم حاڵەتە بەرپرسیارن، ئەگەر سەیرێكی بكەن باسی دروستكراوی دیكەی تێدا نییە، (وما خلق الذكر و الأنثى) هەموو بەشەر لەم

حاڵەتەی بەرپرسن، (ان سعیکم لشتی، فأما من أعطی واتقی، وصدق بالحسنی، فسنیسره للیسری)، ئەوەتا دیسان هێڵێك لە ژێر (فسنیسره للیسری، وأما من بخل واستغنی) بكێشن، ئەوەتا لە سورەتی (العلق) (إن الإنسان لیطغی، أن رآه استغنی) لەبیرتانە؟ (إن الإنسان لیطغی، أن رآه استغنی) لێرەش (و َأَمَّا مَن بَخِلَ وَاسْتَغْنَى)(اللیل٨) ئیستیغنا نەك پارەیە، ئیستیغنا لە ذاتی خودای ڕەحمانە وەكو باسمان كرد، (وَكَذَّبَ بِالْحُسْنَى *فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْعُسْرَى)(اللیل٩-١٠).

جۆرە تێگەیشتنێك هەیە كە لە بیری (أهل السنة و الجماعة) دروست بووە ئەویش زۆری كردنە (جەبریی)ە و هەموو شتێك بە قەدەرە (قەدرییە)! كۆمەڵێك لەسەردەمێكی كۆن دەیانگوت: خودای ڕەحمان ئاوای لەسەر نووسیون بە هەردوو لایەنی زۆرلێكردن و مافی هەڵبژاردن (جبر و إختیار)، ئەمە لەبیری فەلسەفەی فیكرەی ئیسلامیدا هەیە، بەڵام خودای ڕەحمان قەدرییە و جەبریی لە قورئان نییە، بەڵكو لەگەڵ گۆڕانكاری ئاسانكاری هەیە (التیسیرو التعسیر)، تەیسیرەكە بە خودی مرۆڤەكەوە پەیوەستە (وأما من أعطی واتقی* وصدق بالحسنی* فسنیسره للیسری* وَأَمَّا مَن بَخِلَ وَاسْتَغْنَى* وَكَذَّبَ بِالْحُسْنَى* فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْعُسْرَى* وَمَا يُغْنِي عَنْهُ مَالُهُ إِذَا تَرَدَّى)(اللیل١١) باشە دەبی ئەو یوسرایە چ بێت؟ ئەوە خودای ڕەحمان پاڵی پێوە نا، پێغەمبەر(علیه السلام و البركات) (سَنُقْرِؤُكَ فَلَا تَنسَى* إِلَّا مَا شَاءَ اللَّهُ)(الأعلى٦-٧) (وَنُيَسِّرُكَ لِلْيُسْرَى)(الأعلى٨) ئەمە لە بۆ خودی پێغەمبەر(علیه السلام و البركات)، دەستەی ئیماندارانیش (وأَمَّا مَن أَعْطَى وَاتَّقَى و صدق)(اللیل٥) ئەمە لە بۆ ئەوان، باشە دەبێ یوسرایەكە چ بێ؟ لە سورەتی (القمر) چوار جار خودای ڕەحمان لە یەك سورەت دووبارەی دەكاتەوە (وَلَقَدْ يَسَّرْنَا الْقُرْآنَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ)(القمر١٧) ئەوە یوسرایەكەیە.

لەمەوە دەردەكەوێت ئەگەر هاتوو بە كردەیی لە ناوەوەی ئەم كۆمەڵەش ئەم جۆرە ویست (إرادة)یە هەبێت كە لە ناوەوەی دڵی ئەبوبەكر هەبوو تا بگاتە خودای ڕەحمانیش لۆی ئاسان (تیسیر) دەكات، كە تیسیر لە وشەی ئاسانیش ئاسانترە، كاتژمێری نییە، شەو فریشتەیەكی تایبەت دێت بە ئاگای دێنێتەوە، ئەمە لە بوخاری هەیە، فەرموودەی (صحیحە)، شەو فریشتەیەكی دیاركراو و تایبەت كە ناوی تایبەتی خۆیشی هەیە، لۆ ئاگاداریتان تەنیا كابرای گەنج بیەوێت (قیام اللیل) بكات نەك (تهجد)، بەڵكو قیام بكات، لەوێش قیرائە بكات، باوەڕ بكەن لەم كاتژمێرەی بە ئاگای دێنێت، تەنیا ویستی لەسەر هەبێت، بەڵام نەوەك كە بە ئاگای بهێنێت كەچی ئەو بەتانییەكەی زیاتر بخاتە سەر چاوەكانی و بڵێت جارێ ماویەتی، كەواتە" تەوفیق و تەیسیر لە خواوەیە لۆ چ؟ بە كردەیی لۆ وەرگرتنی ئیمان بە گوێرەی قورئان، كە ئەم قورئانە بووە ذیكر، ئەم مرۆڤە بە بەردەوامی بە كردەیی لۆ چاكەی ڕەها پاڵپێوەنراوە، ئیمانێكی دروست بە خودای ڕەحمان و بە (الیوم الاخر)ی لۆ دروست دەبێت.

## نزا

خودای ڕەحمان بە لوتف و کەڕەمی خۆی، بە ئەفعالی و ئەسمائی خالیقیەت و کیبریاء و عەضەمەت، بە قودرەتی، بە فیعلی ڕەشیدی ئامرازەکانی ئیمانی حەقمان نیشان بدا، لۆمان تەیسیر بکاو پاڵمان پێوەبنێت، ئیمانەکی وەکو ئیمانی ئەبوبەکرمان بەنسیب بکا، تا دوا ڕۆژێکی وەکو دوا ڕۆژی ئەبوبەکرمان بەنسیب ببێ. باوەڕبکەن نموونەی وەکو ئەویش دروست نەبێ، لەم دونیایە ڕزگارمان نابێت و هەر ئەم ژینە هەر بەردەوام دەبێت، هەروەها لە ڕۆژی دواییش پەڕەی سپی و پاکمان لە دەست نابێت.